یاسای باری کەسی دەنگی زێرینی لەسەر درا و یاساکە هەموارکرا



سەرۆکایەتی ڕێگریەکان ئەمڕۆ سێشەممە جارێکی تر دەنگدان لەسەر هەمواری یاسای باری کەسێتی خرایە بەرنامەی کاری پەرلەمانی عێراقەوە و دەنگی زێرینی لەسەر درا و یاساکە هەموارکرا.

ئەمڕۆ سێشەممە 21ـی کانوونی دووەمی 2025، جارێکی تر دەنگدان لەسەر هەمواری یاسای باری کەسێتی خرایە بەرنامەی کاری پەرلەمانی عێراقەوە، بە وتەی پەرلەمانتارێک، چەند گۆڕانکاریەک لە هەموارکە کراوە.

ئومێد محەممەد، ئەندامی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی عێراق، پێشتر لە لێدوانێکی لەمبارەیەوە بە ڕۆژنامەی بە نەوژینی ڕایگەیاندبوو: چەند گۆڕانکاریەک لە بڕگەکانی هەموارکە کراوە، بەشوێنک تەمەنی هاوسەرگیری بە کچان لە 9 ساڵی یان 12 ساڵیەوە بە 15 ساڵ بەرزکراوەتەوە، لەگەڵ ئەوەدا مەرج بە هاوسەرگیریەکە دانراوە، کە دەبێت بەخۆکەری کچەکە ڕازامەند بێت.

ئەمەش دوای ئەوە دێت کە پێشتر پەرلەمانتارە شیعەکان ویستویانە ئەم یاسایە هەموار بکرێت و بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، کە ڕێگە بە مارکردنی کچ دەدات لە تەمەنی 9 ساڵیەوە، بەڵام بەهۆی ناڕازایەتی دەربڕینی زۆر لایەن کۆمەڵگای عێراقی، هەمواری ئەم یاسایە دواخرابوو، دواجار ئەمڕۆ سێشەممە بە زێرینی دەنگی پەرلەمانتاران یاساکە هەموارکرا.